# دەمی زێڕ سەیروسەمەرەی لێ دەبارێ

و: دڵشاد مەولوود

ئەو کاتەی (بیابانەکەیم) لە ناوەڕاستی هەشتاکان خوێندەوە، لۆکلیزیۆ بۆ خۆی رایکێشام، بەچەشنێکی وا کە کەم کەس ئاگای لێ بێ، ئەوکات بەهاری تەوژمی واقیعیەتی سیحریی و زەمەنی ئیمپراتۆرییەتی مارکیزو دەسەڵاتی بێ سنووری ئەوبوو، لۆکلیزیۆ لەناکاو وەک خەڵاتێکی چاوەڕوانەکراو بەشەرمێکەوە دێ و رۆمانێکی واقیعی پێشکەش دەکات، رۆمانی نووسەرێ کە پێشتر ناویمان نەبیستبوو، بەتەوازعێکی وا دێ کە زۆر پێی رانەهاتووین، کەسێ دەیەوێ بڵێ: هیچ ئەزموونگەریەک لەم رۆمانەدا نییە، هیچ سیحرێکی تێدانییە کە تێری بووین، کەسی تێدانییە بفرێ، یا مردووبێ و زیندوو بێتەوە، پاڵەوانی ئەفسانەیی یا شاری داستان ئامێزی تێدا نابینی، هیچ شتێ جگە لە گێڕانەوەی ژیاننامەی کەسێکی سادە کە لە رۆمانەکەدا هەیە. نییە، رووداوی جیاکار نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەزن و گەورەیە. دواتر لەوە گەیشتم کە چ شتێ وای لە لۆکلیزیۆ کردووە سێ ساڵ بەسەر یەکەوە وەک باشترین پەخشاننووسی فەرەنسی لەو هەڵسەنگاندنەی یەکێ لە گۆڤارەکان ئەنجامی داوە هەڵبژێردرێ. ئەو تاکێتییەکی وای تێدایە کە لای ئێمە کاری پێناکرێ، ئێمەی سەرسام بوو بەئەزموونگەری لە ئەدەب و هونەردا، ئەمە جگە لەو خۆ بەبچووک زانینەی کە چاوەڕوان ناکرێ لە



لۆکلیزیۆ

نووسەرێکی گەورەدا هەبێ، خۆ بەبچووک زانێ کە نایەوێ بە رستەیەک کە ئەرکی شیعری لەسەر شانە و لە پانتایی ڕۆمانەکە پەرتوبڵاوبۆتەوە سەرسامان بکات. هەر لەو ڕۆژەدا دۆستـایەتییـەکی نهێنی نامـۆیانەم لەگەڵ لۆکلیـزیۆ بەست، تا ئەو کـاتەی لەڕێی سـەلام کـازمی شـاعـیـر دەسـتم بەدەقـێک گـەیشت، دەقـێک کـە تاهەتایێ تێـڕوانینمی بۆ نووسین گۆڕێ، بەتایبەتیش تێڕوانینم بۆ شیعر.

دەقـەکـە ناوی(الوجـه المادي)یەو لۆکلیـزیۆ ناوی ڕەگەزێکی هەجینی داوەتێ: (دەقـێک لە شـیـعـرو هزر)، ئەو دەقـەم وەک هەمـوو کـوڕانی نەوەکـەمـان بەپەرۆشی و بەواقـوڕماوی خـوێندەوە، بەسەرسامی کـەسێک کـە لە کـۆتاییـدا ئەو مـوعـجـیـزەیەی وایلێـدەکات لە پێـستی خـۆی دەربێ دەدۆزێتـەوە، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا هەروەک خـۆی دەمـێنێـتـەوە، چەشنی شاعیرێ لە شیعر بەشیعر دەربچێ، کە نامۆ بێ لە شـیـعـر وەک ژانرێکی ئەدەبی بۆ ئەوەی لە شـیــعــر دەربچێ، وەک پانتـایـیـەک، وەک سەربەستیەکی ڕاڕا، بەڵام پێویستە بۆ جیابوونەوە لە مێگەڵی شیعری کە مەڕە بەستەزمانەکانی تا ڕادەی بێـزاری باعـەباعـی لە یەک چوو دەکـەن. دەقـەکـە بریتییە لە ژیاننامەی تاکەکەسێ، بەڵام ڕووداوەکانی لە خولگەی جیهـانی بەر لەدایکبوون دەسوڕێنەوە، جیـهـانی بەر لە دروستـبـوون(ئەوکـاتەی هێـشـتـا لەدایک نەبـبـووم، تۆوێک بووم لە پەناوپێـچەکـانی دەنگێ، تەنیا توانایەک بەسە بۆ ئەوەی هەڵبکات و لەڕێی خـۆی لاییـدات، لە دووری چەند مـەترێکەوە، هێشـتـا لەدایک نەبـبووم، هەتا هیچ نەبووم، چونکە ئینکارکردنی هیچ شتێ نەبووم). دەقـەکـە کـۆتایی دێ لەو شـوێنەی کـە گـرێمـانەی سـەرەتابوونی لێ دەکـرێ، لەو چرکـەساتە کـۆتایی دێ کـە ئـەم (بوونە مادییە) کۆتایی دێ. واتا سـاتی دروستبوون لە سەر ڕیتــمی یەکـەم لێـدانی دڵی مـرۆڤ کـە لە هۆڵی دەبەنخانەی سـپـیـدا تازە لەدایک دەبێ، چەکـۆچە خنکێنراوەکـە لە بزمـاره ناسکەکـە دەکـوترێ کـە بەخێرایی دەچێتە ملی مانگاکە، ئەوەی منی هێنایە دنیـا لە هەمـان کـاتدا کـوشـتـمی) ئەر کـات لە چایخانەی حەسەن عەجمی کە کانی شیعری عێراقی بوو بەشێنەیی و ماندووبوونەوە هاجسێکی دنەدەر بۆ خـوڵقـاندنی شـیـعـرێک لە تەسـەوفـدا لەدایک دەبوو(عـەبدولقـادرو سـەلام کـازم) لە ئۆبرای (شـازادەی بزر بوو) و(بەهاری ئاسمـانی نیگەران) بەنموونە یا لە فەلسـەفاندن(زاهیـر جیـزانی لە دەقە درێژەکـانی)و لەسـەردا(کـەمـال سـبـتی لە پیـتـە ڕاسـتـکراوەکـانداو ئەوانەی دواتری. ئەوەی جـێی سـەرنجـە کـەمـال سـبـتی لەوانی دی ئازاتربوو لە بەخـشـینی ناوێ بە بەرهەمـە نوێیـەکـەی و بەدەرخستنی لە شیعر وەک ژانرێکی ئەدەبی.. ئەو بانگهـێـشـتی جـۆرە نووسـینێکی کـردو ناوی نا(ناشیعر). منیش ئەوکـات نووسیم و دواتر پاش مـاوەیەکی زۆر لەبارەی ئەو جیـاوازییـە قـووڵەی کە لەنێوان بەرهەمـەکـەی ئەو و لۆکلیـزیۆ هەیە قـسـەم لەگـەڵ کـرد. لەنێـوان ئەو بارە ئینکاریەی لە(لاشیعردا)و لەنێوان ئەو تێکەڵە داهێنەرانەی لە دەسـتـەواژەی (دەقـێک لە شـیـعـرو هزردا) هەیە، هەردوو شاعیر ویستویانە لە شیعر ڕزگاریان بێ- وەک ژانرێ- بۆ گـەیشتن بەشـیـعـر، کـە مـێـژووی ڕوخـسـارو شـێـوەی خـۆی ڕەتدەکـاتەوەو لەو دەستەواژەیەی لۆکلیزیۆ خۆی سەرنجم دا(هیچ شتێ نەبووم) هیچ شتێکی وای تێدا نییە کە باش بێ بۆ کـورتکردنەوەی بەرهەمـەکـەی. ئەمـە ڕەتکەرەوەی شیعر یا هزر نییە لەم(نا)یەو پێش شیعر نەکەوتووە کە کەمال سبـتی وەک مـەرجێ بۆ نووسین دایناوە، بەڵکو دەکـەوێتە دەرەوەی شیـعر نـەک ڕەتکردنەوەی شیعر.

ئەمـە وانەی لۆکلیـزیۆی شیـعـری بوو بۆ من و بۆ هەندێ لەوانەی لە نەوەی منن. ئەوسا وانەکانی یەک بەدوای یەک هاتـن. لە نـەوەدەکـــانـدا(بەهاری

وەرزەكانی دیكەم) خوێندەوە ئینجا (سیحرو چیرۆكی تر) بۆ ئەوەی تیایاندا جگە لەو - لەخۆ بەپچووک دانانەی - ئاماژەیەک هەست پێبكەم كە هەموو نووسەرێ بۆی هەیە سیحری خۆی لەوەی لەبەر دەستیایەتی ئەنجام بدات.

كۆمەڵێک رووداو ئەم دوو كتێبەیان چنیووە، وە ئەوكاتەی ئەم گفتوگۆیانەم خوێندەوە كە لەگەڵی سازدراون سەرم سوڕنەما لەو ئازایەتییەی ئاماژەی پێ دەدا، ئەو تەواو ئاگای لەو شتەیە كە ئەنجامی دەدات. جارێ گوتی رۆمانی فێربوون دەنووسم! لەو گفتوگۆیانەدا، هەروەها لە چیرۆک و رۆمانەكانی، لێدانێ بۆ خۆ بەزل زانیمان لە نوێخوازی هەیە كە لەبەردەم خەڵكدا بانگەشەمان وەک بەخشیشێكی گەورەی بەهادا دەكردو پێمان وابوو تەنیا ئەوانەی بەختی گەورەیان هەیە دەبنە خاوەنی. ئەوەی لۆكلیزیۆ بخوێنێتەوە لای زەحمەت نییە ئارەزووی بەرائەت بكات لەو كارانەی بەرهەمی هێناون. هەموو كارەكتەری رۆمان و چیرۆكەكانی هەرزەكارن و دەیانەوێ لە كۆت وپێوەندی دیلایەتی ژیانیان رزگاریان بێ، ئەوان لە تەمەنێكدان كە هەمیشە مرۆڤ تا مردن حەزدەكات تێیدابێ، ئەو تەمەنەی هەندێ تواناو هێزی تێدا دەردەكەوێ كە هەرزەكارو مێردمنداڵ نازانێ چۆن و كەی سەرفی بكات. زەمەنی سۆزی لێلاوی و ویژدانی قابیل بەسووتان لە یەكەمین بەریەككەوتندا، ئەو زەمەنەی گۆپارەیە لەنێوان دوو جیهاندا، پاكی كە خەریكە تەواو دەبێ و شارەزاییەک كە هێشتا نەهاتووە. لەو تەمەنەی بەدەنگێكی گەورە ماڵئاوایی لە منداڵیمان دەكەین(بەدەربڕینی جەمال جومعەی شاعیر) لە كۆتایی نەوەدەكاندا لۆكلیزیۆی سەرزەمینم لێ دەركەوت. كتێبە شاكارەكەی(خەونی مەكسیكی) ئیدانەكردنی ئارەزوو و حەزەكانی مرۆڤ و تەماعكاری و ئامادەكارییە جەهەنەمییەكانییەتی بۆ گەیشتن بەو درندەیەی لە دووریانی داهاتوودا چاوەڕێیەتی، هەروەها دڵدانەوەیەكی قووڵی بۆ ئەو مرۆڤە تێدایە كە مردووەو وایلێهاتووە ئەو بوونەوەرانە لەسەر حیسابی ئەو پێشبكەون، بوونەوەری خەبەرلێدان و كوشتنكاری، ئەو بوونەوەرانەی كە ئێمەین.

لە گفتوگۆیەكدا لە(خەونی مەكسیكی) دەڵێ: ئایینەكانی ئەزەتیک كە بەهێزی شارستانییەتی تینووی بێ ویژدان لەناوچوون بۆیان هەبوو كۆمەڵێ بەها بەمرۆڤایەتی ببەخشن، بەڵام بۆ هەمیشە تەفروتوونابوون و نەمان. كۆمەڵێ بەهای وا كە پەیوەندی بەگونجانی مرۆڤەوە هەیە لەگەڵ خۆی و سروشتدا. ئەو دەقە كورتەی كە ناوی ناوە SOS و هاوڕێم كەریم جوادی شاعیر وەریگێڕاوە بەو ئاسانی و قووڵییەی كە تێیدایە ئاماژە بەوە دەكەن كە قسەكردن توانای گەیشتنی نییە بۆ دڵ. ناوی لۆكلیزیۆو بەرهەمەكانی وەک پاڵنەر بۆ نووسین لام مایەوە. تا ئەوكاتەی ماوەیەک بەر لە ئێستا گوێم لە هەواڵی وەرگرتنی نۆبڵ بوو. بەواتایەكی دی سەركەوتنی نۆبڵ و لەباوەشگرتنی لۆكلیزیۆ، هەستم بەخۆشییەكی گەورە كرد، هەڵبژاردنی ئەو سەركەوتنی چێژەكانی ئێمە بوو. ئێستا هەستدەكەم بێ ئەوەی ناچاربم سەفەری سوید بكەم من خۆم خەڵاتی نۆبڵم وەرگرتووە، بەڵام بێ ئەوەی ئەو ملیۆن و سێسەد هەزار دۆلارە وەربگرم كە بەهای خەڵاتەكەیە كە بەر لۆكلیزیۆ كەوتووە. بەڕاستی لۆكلیزیۆ دەمێكە لە زێڕو سەیروسەمەرەی لێ دەبارێ.

**سەرچاوە:**

الصباح/ الخميس/ ت١ ٢٠٠٨ . العدد ١٥١٢